# شار بێ حاكمه..!

**ئەڤین ئیبراهیم فەتاح**
avinfatah@yahoo.com

بە پێی ئاژانسی دەنگوباسی پەیامنێر ڕۆژی 22ی ئەم مانگە پێکدادانی دوو بنەماڵە کە دوژمنداریی کۆنیان هەبووە ، بووە هۆی کوژرانی 7 کەسو بریندار‌بوونی 3 کەسی دیکەش، کە یەکێکیان منداڵێکی تەمەن نۆ ساڵەیە. هە لە درێژەی هەواڵەکەدا هاتووە کە لایەنەکان سەر بە عەشیرەتی زێباری بوون و لایەنی یەکەمیان(کوژراوەکانی ڕۆژی ڕووداوەکە)پێشتر لە کەمینێکدا چوار کەسی لەوان کوشتبووو یەکێکیش لە خۆیان کوژرابوو، لەو ڕۆژەدا بۆ تۆڵە سەندنەوە لەسەر ڕێگای بێگۆڤا ، کەمینێکیان بۆ لایەنی دووەم دانایەوەو لە کاتی گەڕانەوەیاندا لە نوێژی نیوەڕۆی هەینیدا، لە ناو ئوتومبێلدا غافڵیانکردنو تاوانەکەیان ئەنجامدا. نایشارمەوە کە هەواڵەکەم خوێندەوە دەمێك سام دایگرتم، چاوەکانم توند هەڵکڵۆفین و دڵنیابووم لەوەی کە لە خوێندنەویدا هەڵەم کردووە ئاخر بەپێی قسەی ناورۆژنامەو تەلەڤزیۆنەکان شار بێ حاکم نیەکەچی کە دووبارەوو سێبارە هەواڵەکەم خوێندەوە بە هیچ شێوەیەك ناوی یاساو پۆلیسم نەبینی، ئاخر ئەوانەی کە کوژراون پێشتر چوارکەسی دیکەیان کوشتووەو ئازادانە دەسوڕانەوەونوێژپشیان بە جەماعەت دەکرد! ئەوانی دیکەش کە تاوانە تازەکەیان ئەنجامداوە تا نووکەش کەس لێینەپێچاونەتەوە؟!

ساڵانێکەدەسەڵاتدارانی کوردستان وڕوکاسیان کردووین بەوەی کە یاسا سەروەرە کەچی کێشە کۆمەڵایەتیەکان هەر لە بنکەی کۆمەڵایەتیی حیزبەکان و بە سوڵحو ڕێگەچارەی عەشایەری چارەسەر دەکرێن ، ، ئەدی پێم ناڵێن دادگا بۆ چی هەیە؟

بووزییەکان فەلسەفەیەکی زۆرجوانیان بۆ ژیان هەیە کەلە دەمی بووزاوەدەیگێڕنەوەەو دەڵێن (مرۆڤ بوونەوەرێکە هەست بە ئازارەکانی کوشتنو لەناوبردن دەکات، بۆیە بۆ مانەوەی خۆی، نابێ ئازارو هەوڵی لەناوبردنی هیچ بوونەوەرێکی دیکە بدات)، دەلایلامای سەرکردەی ڕۆحیو سیاسی ئەمڕۆی تیبتیەکان کەخەڵاتی ئاشتی نۆبلیشی وەرگرتووە دەڵێ(( هەر ئەم فەلسەفەیەیە وایکردووە کە تێبتیەکان گەلێکی ئاشتیخواز بنو حەزیان لە توندوتیژی نەبێت چونکە خۆشەویستی خەڵكو ژیان، بوونی مرۆڤ دەنەخشێنێت)) بۆیە منیش خۆزگە بە بووزییەکان دەخوازم کە زۆر میهرەبانانە هەڵسوکەوت دەکەن، نە یەکتر لە ناو دەبەنو نەبانگەشەی خواپەرستی بێوێنەو درۆینەش دەکەن .

مرۆڤ بە بێتاوانی وبێ ڕقو کینە لەدایك دەبێت و ڕەوشی کۆمەڵایەتیی بەرەو ئاقاری تاوانی دەبات، ئێمەی کورد بەهۆی شەڕی بەردەوامو ئازارو نەهامەتیی مێژووییمانەوە، کۆمەڵگەمان تژی توندو تیژی بووە، وەڵێ لە ماوەی ڕابردووی ئازادیدا هیچ بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ گۆڕینی بارەکە دانەڕێژراوە ،هەربۆیەش هەنووکە شاری ئێمە بێ حاکمەو لوولەی تفەنگ کێشەکان یەکلا دەکاتەوە .

2005/4/23

هەولێر

.....................................................................

تێبینی: ئەم وتارە هاوکات لە ڕۆژنامەی میدیاش بلاۆدەبێتەوە